# نەخشەی ڕێ بۆ چارەسەری ئاشتیانە و دیمۆکراتییانەی کێشەی کورد لە ترکییە

ترکییە و کوردستان ڕەنجێکی زۆریان لە شەڕ کێشاوە. لە ماوەی 30ساڵی ڕابوردوو دا بە دەیان هەزار ئینسان ژیانیان لە دەست داوە. ترکییە حەوجێی دەسبەجێی بە سەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. لەماوەی 30ساڵ کێشە دا هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە، باڵی ڕاست، باڵی چەپ، ئیسلامییەکان، عەلەوییەکان و کوردەکان تێیدا بەشدار بوونە. لەبەر ئەوەی کە بە دیمۆکراتیک کردن لە ترکییە کێشەی کوردی چارەسەر نەکردووە قەیرانی و کەشوهەوای کێشە و هەرا بەردەوامە. کێشەی نێوان دەوڵەتی ترکییە و گەلی کورد کە لە ماوەی 80ساڵی ڕابردوو دا بەردەوام بووە، خەساری قورسی لە هەر دوو لا داوە.
نە کوردەکان ونە دەوڵەت هیچی کۆنکرێتیان بە دەست نەهێناوە. سەرۆکی ئێمە و بزوتنەوەکەمان بە تێگەیشتن لەوەی کە نکۆڵی کردن، سەرکوتکردن و سەرهەڵدان ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکا لە 2ی ئووتی1999بڕیاریان دا بۆ وەگەڕ خستنی پێواژۆیەکی نوێ بۆ کردنەوەی ڕێگەیەک بەرەو چارەسەرییەکی دیمۆکراتی و ئاشتیخوازانە. لە 1ی سێپتامبری1999بەم لایەوە ئێمە دەستمان کرد بە کێشانەوەی هێزەکانمان بۆ دەرەوەی ترکییە و هەوڵمان دا بۆ پێکێنانی یەکێتێکی ئازاد و دیمۆکرات لە ترکییەدا.
ئێمە زنجیرەیەک لێکدانەوە و ڕاپۆرتمان بۆ ئاگاداری بیر و ڕای گشتی بڵاو کردەوە و تێیاندا ئامانجەکانی خۆمان شی کردەوە و پێشنیارەکانی خۆمان بۆ چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانە و دیمۆکراتیکی مەسەلەکە هێنایە گۆڕێ.
با بە ڕیز باسیان بکەین. لە 20ی ژانڤییەی2000پێواژۆی ئاشتیمان ڕاگەیاند. لە 4ی دیسامبری2000دا نەخشەی کردەوەی دەسبەجێ لە پێناو ئاشتی و دیمۆکراسیمان هێنا مەیدانێ. لە 19ی ژووەنی2001 داوخوازە دەسبەجێکانمان بۆ پێش بە شەڕگرتن و گەشەپێدان بە پێواژۆی ئاشتی ڕاگەیاند. لە22ی دیسامبری 2002 ڕاگەیاندراوی ئاشتی دەسبەجێمان هێنایە گۆڕێ و لە15ی ئاوریلی2003دا بانگەوازی ڕێگەیەک بۆ دەرکەوتنی ترکییەمان لە بن بەست بڵاو کردەوە. لە سەرەتای ساڵی2000 و لە کۆتایی ساڵی2002 دا دوو جار نامەمان

نارد بۆ سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر، سەرۆکی پارلمان، سەرۆکی ستادی ئەرتەش و سەرۆکەکانی هەموو پارتییە سیاسییەکانی ترکییە و لەو نامانەدا بیر و بۆچوونی خۆمان سەبارەت بە چلۆنایەتی جێ برجێ کردنی مەسەلەی کورد هێنایە گۆڕێ. بە ڕێگەی میدیا و چاپەمەنی دا پەیتا پەیتا پێداگریمان کرد کە لایەنگری چارەسەری برایانەی کێشەکەین لە چوارچێوەی سنورەکانی ترکییەدا. ئێمە سەلماندمان دەمانەوێ کێشەکان بە هاوکاری لە گەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگەی ترکییە جێ بە جێ بکەین و دامانگرتەوە کە ئێمە هێزێکی یەکێتی خوازین نەک دابڕ.

بەپاڵپشتی بڕیارەکانمان لە 2ی ئووتی1999دا نەک هەر کردەوەی چەکدارانەمان ڕاگرت، بەڵکوو بە هێنانە گۆڕی پێشنیار و بۆچوونی ژیرانە ویستمان ئاشتییەکی ڕاستەقینە وەدی بهێنین. هەموو شتێکمان کرد بۆ ئەوەی کەشوهەوایەک ساز بێ کە لەگەڵ ئاشتی بگونجێ.

ئەگەرچی هێشتاش کافی نەبێ، کەشوهەوای ترکییە(تاڕادەیەک)ئاڵووگۆڕی بەرەوە گونجان لەگەڵ ئاشتی تێدا پێک هات. ناوەرۆکی ئەو لێدوان و گوتوبێژانەی سەبارەت بە پێویستی چارەسەری مەسەلەی کورد دەکران باشتر بوون و بیروڕایەکی گشتی بۆ ئەوە سەری هەڵدا. دەرکەوت کە ئیدی دەوری حکوومەتە کە هێندێک هەنگاوە لەو ڕێبازەدا هەڵبهێنێتەوە. ئەگەرچی لە ساڵی 2002، هێندێک هەنگاوی چڵ ونیوەچڵ هەڵهێندرایەوە، بەڵام ئاکامی پراکتیکییان لێ شین نەبوو. ئەو بڕیارانەی دەدران جێ بەجێ نەدەکران، بەپێچەوانە، زۆرداری زیادی کرد و ئۆپراسیۆنی میلیتاری هەر بەردەوام بوون.

لە سەروبەندێکدا، کە لایەنی کوردی بە داوخوازە بەرتەسکەکانی خۆی ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری ڕادەگەیەنێ، لە کاتێکدا هەلومەرج بۆ هەنگاونانە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پێگەیشتووە، لە کاتێکدا کە پێشوەچوونەکانی هەرێمی پێداویستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ ترکییە دەکەنە مەسەلەیەکی خۆلێنەبوێر، لە کاتێکدا کە ترکییە پێویستی بە پتەوکردنی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی ئورووپا، دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، پێکێشی کردن لە سەر سیاسەتی چارەسەرنەکردن، بەو مانایەیە کە ئەو ئاگربەستەی کە ماوەی چوارساڵان پارێزرابوو دەبێ کۆتایی پێ بهێندرێ.

www.kurdistannet.org 24-8-2003

پێشنیاری قانوونی پەشیمانی ئەو دواییانە کە بە مەبەستی لەناوبردنی کادەک گەلالەکراوە، نیشانەی کۆتایی هاتنی ئەو پێڤاژۆی ئاشتی یەیە.ئەم قانوونە، لە جەوهەری خۆی دا هەنگاوێک نییە بەرەو چارەسەری کێشەکە، بەلام مەبەستی [حکوومەت|بۆ گەمارۆدان و لە ناوبردنی هێزەکانی ئێمە دەردەبڕێ. پێوەندی یەکانی ئەو دواییانەی ترکییە لەگەڵ ئێران وسوورییە لەسەر بنەمای حاشاکردن کردنی کلاسیک لە کوردان و بە مەبەستی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازییە. ئاواتی ئەوەی مۆڵدانی سەربازی ترکییە لە عێراق وەکوو ئامرازێک بەکارهێنان بۆ ئەوەی ئەمریکا هێرشی نیزامی بکاتە سەر کادەک و گریلاکانی نیشانەی ئەوەیە کە ترکییە کێشە و هەرای لە چارەسەکردنی مەسەلەی کورد بەلاوە پەسندترە. بە لەبەرچاوگرتنی زیادتربوونی زۆرداری بە دژی خەڵکی سیڤیل، ئاشکرا دەبێ کە سیاسەتی هەڕەشە و چاوترساندن بە دژی بزووتنەوەی ئێمە وەبەر دەگیرێ. بە ڕوونی دەردەکەوێ ترکییە دەیەوێ بە ئێمە بڵێ کە ناکرێ چ ڕێگەیەکی تر جگە لە تەسلیمی بێ قەید و شەرتی ئێمە لە بەر دەممان دا نییە.

وەک هەموو لایەک دەزانن ئێمە لە ئاست بۆچوونی ئەوتۆ، وشداریمان داوە. سەرۆکی ئێمە عەبدوڵلا ئۆیجالان لە پەیامەکانی لە ئیمرالی یەوە و لە نامەکەی دا بۆ حکوومەت وەبیری هێناوەتەوە کە دەبێ هەنگاو بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد هەڵبهێندرێتەوە، دەنا ئەو ڕاسپاردەیەی ئاشتی کە ئەو تا ئێستا خستوویەتە سەرشانی خۆی، تێک دەشکێ و نامێنێ. بۆ دەستەبەرکردنی ئەو تێکۆشانەی کە سەرۆکی ئێمە بۆئاشتی کردوونی بەربگرێ، لە مانگی ئاوریلی ئەمساڵ دا ئێمە «بەیاننامەی کرانەوەی ڕێگەیەک بۆ دەرچوون لە بنبەستمان» بڵاوکردەوە. هەروەها هەر لە مانگی ئاوریل دا پێشنیارەکانی خۆمان بۆ چارەسەرییەکی هەمووولایەنە هێنایە گۆڕێ. ئێمە بانگەوازێکمان بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە و ڕامان گەیاند«گەلالەی پەشیمانی»دەگاتە پرۆڤاکسیۆن(ورووژاندن) و داوامان کرد لە جیاتیان قانوونێکی ئاشتی کۆمەلایەتی و بەشداری دێمۆکراتیک پەسند بکرێ. بە ڕێگای کامپانی خۆدان بۆ ئاشتی کۆمەلایەتی و بەشداری کۆمەلایەتی لە مانگەکانی ژوەن و ژوییەدا، ئێمە حەولمان دا پێشی ئاڵوگۆڕی نیگاتیڤ بگرین و هەوڵمان دا گوڕ بە ئاشتبوونەوە بدەین. سەرچاوەی هەوڵەکانی ئێمە لە هەستی بەرپرسیاریمان دایە بەرامبەر بە هەموو گەلی

ترکییە ، چ کورد بن، چ ترک. بەڵام ئەو هەوڵانە لە لایەن حکوومەتەوە چ وەڵامێکیان پێ نەدرایەوە.
پێکێشی حکوومەت لەسەر زێهنییەت و پراتیکی کۆن، ئاگربەست و گشت هەوڵەکانی ئێمەی پووچەڵ کردۆتەوەتەنانەت نیشانەیەکی بچووکیش بەدی ناکەین بۆ ئەوەی پشتمان گەرم کا بۆ بەردەوام بوون لە سەر پاراستنی ئاگربەست. ئێمە لە لایەن خۆمانەوە، خەباتمان کرد لە پێناو ئاشتی و بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ گیر و گرفتەکە و حەولمان دا هەلومەرجێک پێک بهێنین بۆ وەدی هاتنی ئاگربەستێکی ناسراو و ددان پێداهاتووی دوولایەنە، ئەگەرچی هیچ وڵامێکی ڕەسمی بە پێشنیاری ئاگربەستی ئێمەش نەدرابێتەوە. ئەگەرچی تێکۆشانی ئێمە کەشوهەوایەکی نەرم بوو و پۆزیتڤی سازکرد، بەڵام نەیتوانی گرژی و پێک دادان بە تەواوی لە ئارا هەڵگرێ و نەیهێڵێ. وا دیارە دەبێ ئێمە بە هەڵوێستی ئەو چوار ساڵەی خۆمان دابێینەوە و چاوی پێدا بخشێنینەوە، لە کەشوهەوایەک دا کە ئاگربەستی یەک لایەنەی ئێمە ئیتر چ برِ چ مانایەکی نەماوە. پێویستە ئێمە بۆچوونێکی نوێ سەبارەت بە ئاشتی و چارەسەری کێشەکە بەرەوپێش بەرین.بۆ وەدیهێنانی ئاشتی و بۆ دۆزینەوەی چارەسەری و گیرانی دەوری مێژوویی خۆمان پێویستی بە بۆچوونێکی ئەوتۆ دەهێنێتە گۆڕێ. قەبووڵکردنی سیاسەتەکانی حاشالێکردن و سەرکوتکەرانەی ترکییە، و بوون بە تەماشاگەرێکی بێلایەنیان یان هێشتنەوەی چارەنووسی گەلی ترکییە، لە دەستی سیاسەتی ئەوتۆ دا هەرجێی قسەلێکردنیش نییە.
ئاگربەستی یەک لایەنە کە ئێمە لە ساڵی 1999وە پاراستوومانە تا ڕادەیەک دەوری خۆی گێڕاوە. ئەگەرچی هەلومەرجەکانی توانیبایان هەبن، ئێمە دەمان توانی بەرەو داهاتووش درێژەی پێ بدەین. بەداخەوە، دەوڵەتی ترک ئاگربەستی وەکوو دەرەتانێک بەکارهێناوە بۆ تێکشاندنی هێزە دێمۆکراتیکەکان لەبری ئەوەی ئەو دەرەتانە بۆ دێمۆکراتی کردن بەکار بهێنێ؛ بەم پێیە ئاگربەستی ئێمەی والێکردووە ئیتر نەتوانێ بپارێزرێ و درێژە بکێشێ. هەروەک دەکرێ لەو مانگانەی دواییدا ببیندرێ، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان داوە خۆمان لە پێک هەڵپڕژان بپارێزین، هێرش بە دژی ئێمە، هەم بەشێوەی سیاسی و هەم بە شاڵاوی میلیتاری بووەتە هۆی پێکدادان و خەساری گیانی. بۆ پێشگرتن لە هێرشی زیادتر بە دژی ئێمە کە بووەتە هۆی لەکیس دان و کوژرانی

جەنگاوەرانی ئێمە، ئێمە لە چوارچێوەی پاراستنی ڕەوا دا وڵاممان داوەتەوە.
ئەوە تەنیا و تەنیا لەبەر بە بڕیاربوونمان بۆ پێکهێنانی ئاشتی و چارەسەری دێمۆکراتیک و چاوەڕوانی بەردەوامماں بۆ ئەوەی لەو ڕێبازەدا هەنگاو هەڵبگیرێتەوە بووە کە ئەو پێکدادان و پێک هەڵپڕژانانە گەورەتر نەبوونەتەوە.
ئەگەر ئێمە بەو ڕادەیە تەحەمول و بەرپرسیاریمان لەخۆمان نیشان نەدابایە، ئێستا شەڕ زۆر گەرم و گوڕ دەبوو.
گشت ئەوانە دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ئیدی ئاگربەستی یەکلایەنە لەلای ئێمەوە کۆتایی پێ دێ. ئەوە دەوڵەتی ترکییەیە کە ئاگربەستی لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵ کردووە و کۆتایی پێ هێناوە بە ڕێگەی سیاسەتی پاکتاوکردن(لەناوبردن) بە دژی ئێمە. بێ ئەملا و ئەولا ئاشکرایە ئاگربەست ئەگەر هەر دووک لا لەبەرچاوی نەگرن ناکرێ بپارێزرێ.
ئەزموونی چوارساڵی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە دامەزراندن و پاراستنی ئاگربەستێکی کە لەهەر دووک لاوە ڕێزی لێ بگیرێ تەنێ نەخشەیەکی ڕێ دەکرێ بۆ چارەسەییەکی لە سەر دوواو کە دەکرێ بە پلەی جیاواز وەدی بێ و بۆ هەر دووک لا جێگەی پەسند بێ. بە ئاشکرایی دەرکەوت کە بەبێ ڕوانگەیەکی ئەوتۆ، چ بایەخێکی پراتیکی و سیاسی بۆ پاراستنی ئاگربەست بەدی ناکرێ. ئەو ئاگربەستە لەبەر فیداکاری گەورەکانی ئێمە چوارسال بەردەوام بوو. ئەگەرچی ئەو ئاگربەستە بەشێوەیەکی ڕەسمی(لەلایەن حکوومەتەوە) ددانی پێدانەهات، بەڵام سەلماندنی بەقازانجی ترکییە بووە لە ئاست ئەو بنبەستەی کە شەڕی 15ساڵان خولقاندی.
ئەو ڕاستییانە نیشان یان دا بۆ گەیشتن بە ئاگربەستێکی دوولایەنە پێداویستی بە پلانێکی ڕێ هەیە کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لە زێهنیەت و بۆچوونی سیاسی لەگەڵ دابێ بۆ چارەسەری کێشەکە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە و بە هەستی بەرپرسیاری مێژوویی ئێمە پلانێکی ڕێی مەعقوولانە و درێژخایەنمان گەڵاڵە کردووە ـ و بەر لە هەمووان ـ دەیخەینە بەر سەرنجی دەوڵەتی ترکییە و هەموو لایەنە عەلاقەدارەکان. بە لەبەرچاوگرتنی گیر و گرفتە جیدییەکانی کوردستان و پێشکەوتنەکانی ناوچە، بە بۆچوونی ئێمە جێ بەجێ کردنی نەخشەیەکی ڕێ خۆی لێ ناپارێزدرێ کە دەتوانێ لە سێ پلەدا لە یەکی سێپتامبری2003 ڕا تا یەکی سێپتامبری2004 گیر و گرفتەکە جێ بەجێ بکا. پێوەچارانی گیروگرفتەکە

له ماوەی ساڵێک دا بە دیتنی ئێمە بۆچوونێکی ڕێئالیستە! بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری دەسپێکردنی وتووێژ بۆ لە گەڵ کەوتنی ترکییە لە گەڵ یەکێتی ئوروپا تا کۆتایی ساڵی2004، بڕیاردان بۆ وەبەرگرتنی نەخشەیەکی ڕێی وەکوو ئەوەی ئێستا بە دڵنیاییەوە پێواژۆی لە گەڵ کەوتنی ترکییە هاسانتر دەکا.
مەرجەکانی جێ بەجێ کردنی نەخشەیەکی ڕێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە لە هەموو کاتێک زیادتر پێگەیشتووە. لەبەر ئەوەی کە بە ئانقەست خۆ دزینەوە لە چارەسەرنەکردنی کێشەکە دەرفەتی پێک هەڵپڕژان و بە یەکدادانی نوێ هەموو ڕۆژێ زیاتر دەکا، ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ، ئەوە دەگاتە پێکدادانی زیادتر و چارەسەری بۆ ماوەیەکی نادیار وەدرەنگی دەخا. ئەگەر ئێمە نەخشەی ڕێیەکی ئەوتۆ ئێستا پەرە پێ نەدەین و جێ بەجێی نەکەین، شەڕ پێشی پێ ناگیرێ و توند و تیژتر دەبێ. ئەو نەخشەی ڕێیەی کە ئێمە پێشنیاری دەکەین دەبێ وەکوو هەنگاوێک بۆ پێشگرتن لە بەرەوپێشچوون و ئاڵوگۆڕی نیگاتیڤ لێی بڕواندرێ.
ئێمە دڵنیاین کە نەخشەی ڕێ گرژییەکان کەم دەکاتەوە و چوارچێوەیەک بۆ چارەسەری کێشەکە ئامادە دەکا.
بۆ ئەوەی ئەمە پێک بێ:

## پلەی یەکەم

دەبێ قۆناخی وەدەست هێنانی ئاگربەستێکی دوولایەنە بێ. ئەم پێواژۆیە دەبێ لە یەکی سێپتامبری2003وە دەست پێ بکا و تا یەکی دیسامبری2003 تەواو بێ.
بەر لە هەموو شت، دەبێ دیالۆگێک لە نێوان هەر دوو لا سەبارەت بە نەخشەی ڕێ هەبێ و دەبێ «کۆمیتەیەکی ئاشتی و دیالۆگ» دابمەزرێ و لەسەر شێوەی وەدی هاتنی گفتگۆ بکا. کۆمیتەیەکی ئەوتۆ دەبێ لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی سیڤیل و پارتە سیاسییەکان و ڕووناکبیران، هونەرمەندان و کەسایەتی دێمۆکراتیک پێک بێ. ئەوە گرینگە کە ئەو کۆمیتەیە لە کار و بارەکانی دا لە لایەن حکوومەتەوە پشتی بگیرێ و تەشویق بکرێ.
کۆمیتەکە لەگەڵ پارتییەکان کۆبوونەوە دەکا و بەردەوامییەک دەدا بە دیالۆگ بۆ دەستەبەرکردنی تەفاهومی دوولایەنە بۆ ئەوەی پلەکانی کە لە نەخشەی ڕێ داهاتوون بەڕێوە بچن. ئەو کۆمیتەیە هەروەها چاوەدێری دەکا بە سەر جێ بەجێ کردنی ئەو شتە تایبەتییانەی کە ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە و بە جەخت کردنەوە لە سەر کەمایەسییەکان یان لادان لێیان پێشێل کردنیان دەست تێوەردەدا.

لەوەش زیادتر ، ئەو کۆمیتەیە دەبێ لەگەڵ ئەو داو و دەزگایانەی کە بیر و ڕای گشتی ساز دەدەن پێوەندی دابمەزرێنێ و هانیان دا بۆ یارمەتیکردن بە پێواژۆی ئاشتی. کۆمیتە دەبێ بێ پسانەوە بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان وەبیر ئەوان بخاتەوە و زانیاریان لەبەر دەست بنێ بە مەبەستی ئامادەکردنی کۆمەڵانی خەڵک تە ئەو جێیەی دەکرێ بۆ ئاشتبوونەوە. بۆیە کۆمیتەکە دەبێ لەسەر بنەمایەکی هەمیشەیی کار بکا تە ئەو جێیەی کە ناوەرۆکی نەخشەی ڕێ بە تەواوی جێ بەجێ دەکرێ و ئاشتی و چارەسەرییەک بۆ مەسەلەکە بەدەست دەخرێ.

ئەرکی هەری دەسبەجێ ئەوە دەبێ کە ئەو ئاگربەستە یەکلایەنەیەی کە هەیە ببێ بە ئاگربەستێکی دوولایەنە. ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ لەلایەن هەر کام لە لایەنەکانەوە هەڵ بهێندرێتەوە ئەوانەی خوارەوەن.

## ئەو هەنگاوانەی دەبێ حکوومەت هەڵیان بهێنێتەوە:

1ـ ئوپراسیۆنە میلیتارییەکان دەبێ ڕابگیرێن چونکوو ئەوان بمانەوێ و نەمانەوێ دەبنە هۆی پێک دادان و لێدانەوەی تۆڵە ئەستاندنەوە ، حەولەکانی کە بۆ ئاشتی دەدرێن وەمەترسی دەخەن ، دەبنە هۆی ئەوەی گریلا نەتوانن هەڵوێستی ئاگربەستی خۆیان بپارێزن و ناباوەڕی لەناو هێزەکان و گەلی ئێمە دا دەزێنێتەوە. بەشێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵک باوەڕی خۆیان بە چارەسەری ئاشتخوازانە و دێمۆکراتیک لە کیس دەدەن و دەکەونە بانگەشە و پڕۆپاگاندا بە دژی هەوڵی ئەوەتۆ.

2ـ سیستمی گوندپارێزان(کوروجویەکان) ، کە بەرهەمێکی زەمانی شەڕە دەبێ هەڵ بوەشێندرێتەوە. ئەوە ڕوون بووەتەوە کە تەنانەت لە زەمانی ئاگربەستیش دا ، کوروجییەکان وەکوو ئامرازێکی سەرکوت بە دژی خەڵک بەکار هێندراون و مانای ئاگربەست پێشێل دەکەن. جابۆیە ئێمە نەبوونی ئیرادە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کوروجیەتی بە نەبوونی ئیرادە بۆ کۆتایی پێهێنان بەو شەڕەی بە دژی ئێمە دەکرێ لێک دەدەینەوە. زوڵم و زۆری کوروجییەکان باوەڕی دانیشتووان سەبارەت بە ئاگربەست و ئاسۆی چارەسەرییەکی ئاشتییانەی کڕ دەکا و دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی داوخوازی کۆمەڵانی گەل لە ئێمە بۆ ئەوەی هێزە گریلاکانمان چالاک بن بۆ کۆتایی پێهێنان بەکردەوە سەرکوتکەرانەکانی

کوروجوەکان. ئێمە لەو باوەڕە داین دەبێ هەنگاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵ بهێندرێتەوە بۆ ڕێگە خۆش کردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستمە کە چینێکی کۆمەڵایەتی جەردەی لە کوردستان لێ زاوە.

3 ـ یەک لە ئاکامە هەرە بەرچاوەکانی کێشەی چەکدارانە جێگۆڕکێ پێکردنی بە میلیۆنان خەڵکی بێچەکە. ئاگربەستێکی ڕاستەقینە پێویست دەکا بە هەنگاوی ئەوتۆی کە ئەو گرژی و تەنگژەی لە گۆڕێ دایە کەم بکاتەوە و دەست لە کولتووری شەڕ هەڵگیرێ. جا لەو پێوەندییە دایە کە حکوومەت دەبێ بەڕوونی هەنگاو هەڵبهێنێ بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستانەی کە دەری بڕیون لە مەڕ ئاسانکاری بۆ وەخۆ کردنەوەی ئەو خەڵکانەی لە جێگەی خۆیان هەڵکەندراون و هەموو جۆرە تەگبیر و هەنگاوێکی بەڕێوەبەری، حقووقی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵبهێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدا بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان. لەو بارەیەوە، حکوومەت ناچار دەبێ کە دەورێکی چالاک بگێڕێ بۆ تەشویق کردن و ئاسانکاری.

4 ـ ئەو هێزانەی کە کردەوەی[میلیتاری| دەکەن وەکوو هێزە تایبەتییەکانی پۆلیس و هێزی تیمی تایبەتی دەبێ لە کوردستان بگێڕدرێنەوە و نابێ هیچ هێزێکی ئەمنییەتی جگە لە هێزی ئەرتەشی ئاسایش، ژاندارمەری و یەکەی پۆلیس لەوێ بمێنێتەوە. لەدوای ڕووداوەکانی پاش قەومانی بوولەرزەی بینگۆل دیتمان کە ئەو جۆرە هێزە تایبەتییانە بە ناباوەڕییەوە لەگەڵ خەڵک هەڵس و کەوت دەکەن و هەر بڕووسکەیەک هەلیان بۆ هەڵ کەوێ لە گیانی خەڵکی مەدەنی ڕۆ دێن. هەبوونی ئەوان[لەکوردستان| خزمەت بەو پێواژۆیەی لەبەرچاو گیراوە ناکا چونکوو دەبنە هۆی ترس و خۆف و نەبوونی باوەڕی لەناو جەماوەری خەڵک دا. بوونی ئەوان بەمانای پێشێل کردنی ڕوحییەی ئاگربەستە چونکوو ئەوان دەستەوتاقمی گورز وەشێنن لە سەروبەندی شەڕ دا. بوونی ئەوان [لەکوردستان|بیری ئەوە لە ناو دڵی خەڵک دا دەچێنێ کە لەوانەیە هەر تاوە نا تاوێک شەڕ هەڵ ئایسێتەوە و تەسەوری ئەوە دێنێتە گوڕێ کە عەمەلیاتی کۆنترگریلا ببێ بە شتێکی بەردەوام لە سەر وبەندی دوای شەڕ دا. جابۆیە مانەوەی ئەو جۆرە هێزانە[لەکوردستان| بۆ هەردووک لای دژوار دەکا ئاگربەست بپارێزن، مەگەر ئەوەی کە ئەوان بکێشێندرێنەوە.

5 ـ هێزی غەیری فەرمی و باندی دەرەوەی قانوون کە بە مەبەستی کۆنترگریلایی و شەڕی نەفسی لەبەر کار نراون دەبێ هەڵ بوەشێندرێنەوە. چونکوو ئەوان بە چالاکی ئابووری ئاستەنەکراوی ئەوتۆوە خەریکن کە لە سەر بار و دۆخی شەڕ داندراوە . مەترسییەکی گەورە لە گوڕێ دایە کە خەریک بوونی ئەوان بە کردەوەی وروو ژێنەرانەوە بار و دۆخەکە گرژتر بکا. شتێکی خۆڕسکی یە تا ئەو کاتەی کە ئەو جۆرە باند و تاقمانە بمێننەوە ، هەم هێزەکانی گریلا و هەم خەڵکی مەدەنی هەست پێ دەکەن کە چ جۆرە ئامانجێکی جیدی بۆ دامەزراندنی ئاشتی لە گۆڕێ دانییە. ئەو جۆرە هێزانە نیشانیان داوە کە لە هەلومەرجی ئاگربەست دا ، ئەوان هێزی دنەدەری ، بەدیل و شێوەی نگریسی درێژەپێدانی شەڕ بوون. ئامادەیی و بوونی دانەمرکاوەی ئەوان هۆکارێکی سەرەکی بووە لە پێواژۆی پێشێلکاری ئاگربەستی ئێستا دا. ئەگەرچی عەمەلییاتی میلیتاری جاروبار دامرکاوەتەوە ، قەت نەدیتراوە ئەو دەستە و تاقمانە دەست لە چالاکییەکانیان هەڵگرن. لە چوارچێوەی ئاگربەستێکی دوولایەنەدا ، ئەوان دەبێ بڵاوەیان پێ بکرێ و پێشی هاتنی ئەندامانیان بۆ کوردستان بگیرێ. هەرچۆنێک بێ ، ئەوان مەشرووعییەت وقانوونی بوونی دەوڵەت بە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە پێشێل دەکەن.

6 ـ ئامادەکردنی بیروڕای گشتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک و سازکردنی کولتوورێکی ئاشتی هۆکارێکی گرینگە لەو پێواژۆیەدا. ئێمە چ گومانمان نییە کە گەلی ترک لایەنگری چارەسەرییە کە بۆ مەسەلەی کورد لە یەکێتی نێوان هەر دوو گەلان دا تا ئەو جێگەیەی کە حەولی بانگشە و پڕوپاگاندای ئەوتۆ نەدرێ کە ئەوان وەکی دی بیر بکەنەوە. گەلی کورد ئامادەیە بۆ چارەسەرییەکی برایانە. ئەگەر گەلی ترکیش بەو شێوەیە پەروەردە بکرێ کە شەڕ زەرەری بە هەر دووکی ئەو گەلانە گەیاندووە ، ئاگربەستێک دەتوانێ هەنگاوێک بێ بەرەو چارەسەرییەکی ڕاستەقینە. جا بۆیە حکوومەت دەبێ دەستەبەر بێ کە داو و دەزگا ڕسمییەکان بۆچوونێکی ئەوتۆ وەربگرن کە تۆوی تەفاهوم و تەبایی بچێنن و دەست لەوە بگێڕنەوە لە دەربڕین و دیسکۆرسی ئەوتۆی کە دوژمنایەتی و نائارامی دەنێتەوە.

7 ـ حکوومەت چیدیکە نابێ پێش بە ئیعتیرازی جەماوەری بگرێ و دەبێ چالاکییە دێمۆکراتیکەکان وەکوو مافێکی سەرەتایی هاووڵاتییانی لەبەرچاو بگرێ.

**ئەو هەنگاوانەی دەبێ کادەک و هێزەکانی گریلای هەڵیان بهێننەوە:**

1 ـ هێزەکانی گریلا دەبێ بە تەواوی چالاکییە میلیتارییەکانی ڕابوەستێنێ و یەکەکانی دەبێ لە هەڵکەوتی ئێستای خۆیان دا بمێننەوە. هیچ گرووپێکی نوێی گریلایی نابێ بێنە ناو ترکییەوە. ئەوان نابێ چەکەکانیان بەکار بهێنن مەگەر ئەوەی هێرشیان بکرێتە سەری و دەبێ لە هەڵکەوتی ئێستایان دا بەبێ ئەوەی هەست بە هەبوونیان بکرێ بمێننەوە. ئەوان نابێ بچنە نێو گوندەکان، قەسبە و شارەکان .

2 ـ کادەک لە بڵاوکراوە و پرۆپاگاندای خۆی دا نابێ بۆچوونێکی دژی دەوڵەت و هاندانی شەڕ وەخۆ بکا. دەبێ بە ئەسڵی ژیان بە گەلی ترکییەڕا وەفادار بمێنێتەوە. دەبێ بەرگری لە یەکێتی سیاسی ترکییە بکا و دەست نەداتە هیچ جۆرە چالاکییەک کە بەدژی ترکییە بێ. مێدیا و بڵاوکراوەکان نابێ خزمەت بە هیچ ئامانجێک بکەن جگە لە دێمۆکراتیک کردنی ترکییە و بەربەرەکانی بۆ مافە خۆزاییەکانی کوردەکان نەبێ. کادەک دەبێ سیاسەتێکی ئەوتۆ وەبەربگرێ کە لەگەڵ پێکهێنانی باوەڕی لە حەشیمەتی ترک دا بگونجێ.

3 ـ گەلی کورد دەبێ چالاکییە پرۆتێستیەکانی خۆی بەتەواوی لەچوارچێوەیەکی دێمۆکراتێک دا ڕێک بخا بەبێ پێکێنانی ئاڵۆزی و پشێوێنی.

**پلەی دووەم**

دەبێ هەنگاوی باوەڕی سازکردن بێ و ناوەڕۆکی بریتی بێ لە تەگبیری پراتیکی بەرەو چارەسەرییەک.

ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ حکوومەت هەڵیان بهێنێتەوە:

1 ـ مەسەلەی کورد دەبێ وەکوو کلیلی دێمۆکراتیکردن مامڵەی لەگەڵ بکرێ.

2 ـ هەموو جۆرە بەرتەنگییەک لەبەر ئازادیی بەیان و ئازادیی ڕێکخستن دەبێ هەڵبوەشێندرێنەوە و هەلومەرجێک پێک بهێندرێ بۆ تێکۆشانی ئازادانەی سیاسی. ئەو ئازادییانە دەبێ هەروەها بە تەواوی بدرێن بەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە. مافی دەربڕینی بێ قەید و شەرتی بیروڕای خۆ، مافی خۆڕێکخستن و تێکۆشانی ئازادانەی سیاسی هۆکاری سەرکین

بۆ پێکهێنانی هەلومەرجێک کە ئیدی هیچ هۆیەک بۆ هێشتنەوەی هێزی چەکداری ناهێڵنەوە.

3 ـ دوای ئەوەی کە پێداویستییەکانی مادەی 2 وەدی هاتن، دەبێ قانوونێک بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەشداری دێموکراتیک پەسند بکرێ. لەژێر کارتێکەری ئەو قانوونەدا، بەشداریی بێ قەید و شەرتی هەموو ئەندامانی هێزەکانی گریلا، گشت گیراوە سیاسییەکان و پاتراوەکان لە ژیانی دێمۆکراتیکی سیاسی دا دەبێ دەستەبەر بکرێ بۆ ئەو مەبەستە، دەبێ هەموو مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان بدرێتەوە و دۆسییەکانیان«سووچی» سیاسییان لێ دەربهاویژرێ.

4 ـ لەم پلەیەدا وەکوو بەشێک لە قانوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەشداریی دێمۆکراتیک دەبێ پێوەندییەکانی ڕێبەری ئێمە عەبدوڵلا ئۆجالان لەگەڵ دنیای دەرەوە، هەلومەرجی ژیانی و بارودۆخی لەشساخی وی لەسەر ڕا دابڕێژرێتەوە. نابێ هیچ جۆرە قەید و شەرتێک بخرێتە پێش چاوپێکەوتنی وی لەگەڵ پارێزەرکانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی.

تێکۆشانەکانی سەبارەت بە دەربڕینی بیرو ڕای سیاسی لەمەڕ دێمۆکراتیک کردنی ترکییە و چارەسەری کێشەی کورد دەبێ پێشی نەگیرێ و ئاسانکاری بکرێ بۆ بڵاوکردنەوەیان.

5 ـ دەبێ حەولی چڕ وپڕ بدرێ بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری کوردستان و لەو شوێنانەی کە ژێرخانی[کۆمەڵ] ڕێگە دەدا سەرمایە وەگەڕ بخرێ. کەم کردنەوەی باج و ماڵیات بۆ بەشی تایبەتی و دانی ئیعتیبار بە سوودی کەم دەبێ لەگەڵ یارمەتییەکانی دیکە بن کە بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی ئابووری دەکرێن.

6 ـ بۆ سارێژکردنەوەی برینی قووڵی ساڵانی شەڕ، دەبێ لەو تاوانانەی کە لە دەرەوەی هێرش بۆ سەر میلیتاری ئاسایی، و ئامانجە سیاسی، بەڕێوەبەری، و ئابوورییەکان کراون بکۆڵدرێتەوە و بکەرانی ئەو جۆرە تاوانانە بهێندرێنە بەر دەم عەداڵەت. هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ پێوەچارانی ئەو خەمۆکی و تراومایەی کە شەڕ لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە. وەدووی پێوشوێن کەوتنی ئەو مەسەلەیە بۆ دامەزراندنی باوەڕییەکی ڕاستەقینە لەنێوان گەلی ترک و گەلی کورد، و لە نێوان دەوڵەت و گەلی کورد دا گرینگە. ڕووداوی وەک کوشتنی دەرەوەی قانوون، ڕفاندن و بزربوون، مردن لەکاتی لەژێر چاوەدێری پۆلیس دابوون و وەسەرپەڕین دەبێ لێیان بکۆڵدرێتەوە و بکەرەکانیان دەبێ لە قاو

بدرێن، لەهەر جێیەکی کە بەدوای شەڕ دا ئاشتی هاتووە، ئەو جۆرە ڕووداوانە کەوتوونە بەر لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە. ڕوون کردنەوەی ئەو ئەتکانە دەتوانێ ببێ بەردی بناخەی ئاشتییەکی ڕاستەقینە. بەو مەبەستە دەبێ دەسبەجێ کۆمیسیۆنێک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاستی، عەداڵەت و لێبوردن دابمەزرێ. مەسەلەکە دەبێ لەژێر چاوەدێری ئەو کۆمیسیۆنە دا لێی بکۆڵدرێتەوە کە لە لایەن نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی حقووقی، و بە شێوەیەکی سەرەکی نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان پێک دەهێندرێ. ئەو کۆمیسیۆن نەک هەر لەو تاوانانە دەکۆڵێتەوە کە لەلایەن پیاوەکانی حکوومەت ڕا کراون بەڵکوو لەو تاوانانەش دەکۆڵێتەوە کە هێزەکانی گریلا کردوویانە. هەم حکوومەت و هەم کادەک دەبێ بەرعۆدە ببن بۆ ئاسانکاری بۆ کاری ئەم کۆمیسیۆنە و هەر سەنەد و بەڵگەیەکی پێوەندی بە بابەتەکەوە هەبێ لە بەردەستیان دەنێن. ئەو شێوە کارە هەلی ئەوە بۆ کۆمیسیۆن دەڕەخسێنێ ڕووناکایی بخاتە سەر هۆی ئەو ڕووداوانە، ئاکامەکانیان و ئەنجامدەرانی. پاشان بکەرانی ئەو ڕووداوانە لە بەردەم دادگەیەکی بێلایەن و مونسیف دا دادگایی دەکرێن، دادگای ئەوتۆ کە بەپێی قانوونێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێن. ئەندامانی کۆمیسیۆنی ڕاستی، عەداڵەت و لێبوردن دەبێ وەک ئەندامانی دەستەی ژووری لەو جۆرە دادگایانە دا بەشداری بکەن.

7 ـ گەلی کورد ئازارێکی زۆری بە سیاسەتی حاشالێکران و ڕێژیمی زۆرداریییەوە کێشاوە.تاک و تەرای بێ ئەژمار بە ئەنقەست قووڵ بریندار کراوەوە دەژین. بە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە یارمەتییان بکرێ بۆ سارێژ بوونەوەی برین و ئێشەکانیان پێویستە کاربەدەستان داوای لێبوردن بکەن و داوای بەخشین بکەن لەو ڕەفتارەی کە پێشتر لە گەڵ کورەکانیان کردووە. داوای بەخشین و لێبوردنی ئەوتۆ دەورێکی گرینگ دەگێڕێ لە دامەزراندنی ئاشتی و برایەتی دا.

8 ـ حکوومەت دەبێ گشت ئەو هەنگاوانەی لەسەرەوە دا باسیان کرا تا ئاوریلی 2004 بە پەلە هەڵ بهێنێتەوە و جێ بەجێیان بکا.

## ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ کادەک و هێزەکانی گریلا هەڵیان بهێنێتەوە:

1 ـ دوای ئەوەی کە حکوومەت قانوونی چاوەڕوانکراوی لەو پلەیەی پێواژۆ دا پەسند کرد، جەنگاوەرانی گریلا و تێکۆشەرانی پاتراو لە گرووپی 500کەسی دا

دێنەوە ناو تركییە و لە ژیانی سیاسی دێموكرتێک دا بەشداری دەكەن.
جەنگاوەران ئەو چەک و تەقەمەنیانەی لە نەبەرد دا بەكاریان دەهێنن تەحویل دەدەنەوە.
2 ـ گشت ئەوانەی دەگەڕێنەوە تركییە لە چالاكی و تێكۆشانی ئەوتۆ دا بەشداری دەكەن كە ئامانجی پتەوكردنی ئاشتی كۆمەڵایەتی بێ. ئەوان مافی قانوون و دێمۆكراتیكی خۆیان بەكار دەهێنن.
ئەوان دەبێ بە هیچ جۆرە چالاكییەوە خەریک بن كە سەدەمە لە یەكپارچەیی دەوڵەت بدا.
3 ـ كادەک یش كۆمیسیۆنێكی جیاواز پێک دەهێنێ بۆ لێكۆڵینەوە لەو تاوانانەی كە ئەندامەكانی لە دژی گەل كردوویانە. بكەرانی كردەوەی ئەوتۆ دەبێ بەپێی ستانداردەكانی حقووقی نێو نەتەوەیی دادگە بكرێن، سزا بدرێن، بەبێ ئەوەی حوكمی ئیعدامیان بدرێ یان لەبەرچاوی خەڵک لەقاو بدرێن.

## پلەی سێیەم

دەبێ پلەی دێمۆكراتیک كردنی تەواو بێ كە تێیدا بكرێ مەسەلەی كورد بە ڕێگەی دێمۆكراتیک چارەسەر بكرێ.

## ئەو هەنگاوانەی لەو پلەیەدا حكوومەت هەڵیان دەهێنێتەوە :

1 ـ ناسنامەی كوردی دەبێ لەباری قانوونییەوە دەستەبەر بكرێ، و كوردەكان وەكوو هاووڵاتیانی قانوونی دەرەجە یەكی كۆماری دێمۆكراتیک قبووڵ بكرێن.
بە ڕێگەی بەشداری كوردان لە دەوڵەتێكی لاییک، دێمۆكراتیک و كۆمەڵایەتی دا كە دەسەڵاتی قانوون تێیدا فەرمانڕەوا بێ، تركییە دەبێ بە نیشتمانی هاوبەشی تركان و كوردان. بەو شێوەیە گەلی كورد دەبێ ئەرک و بەرپرسیارەتی خۆی لە ئاست ئەو وڵاتە دێمۆكراتیكە بەجێ بهێنێ.
2 ـ مافەكانی زمانی وكولتووری دەبێ لە قانوون دا بگونجێندرێن. بە هیچ شێوەیەک نابێ چ قەید و بەندێک بەسەر بڵاوكردنەوەی ڕادیۆیی و تێلێڤزیۆنی و چاپەمەنی دا بسەپێندرێ. هەر قانوون و قەوارەیەكی كە بۆ میدیای تركی هەیە دەبێ بە سەر زمانی كوردی و زمانەكانی دیكەش دا دابەزێندرێ. بە هەمان شێوەش دەبێ هیچ قەید و بەندێک نەیەتە پێش چالاكییە كولتوورییەكان.

3 ـ پەروەردەی پلەی سەرەتایی بەزمانی کوردی دەبێ بۆ ئەو دایک و باوکانەی کە دەیانەوێ منداڵەکانیان بە کوردی بخوێنن دابین بکرێ. لە پلەی ناوەڕاست (ئامادەیی)دا ، پۆلی هەڵبژاردە سەبارەت بە کولتوور ، زمان و ئەدەبییاتی کوردی دەبێ بکەوێتە ناو ڕێزە بەرنامەی دەرس خوێندنەوە. لە زانکۆکان دا دەبێ بەشی زمان و ئەدەبییات ، فەرهەنگ و مێژووی کوردی دابمەزرێ.
4 ـ سەرۆکی ئێمە عەبدوڵلا ئوێجالان دەبێ بەر بدرێ ، ئازادی تەواوی بدرێتێ و هەلومەرجی بۆ پێک بهێندرێ بۆ ئەوەی یارمەتی بکا بە یەکێتی دوو گەل لە ئازادی دا و دەوری سیاسی خۆی بگێڕێ.
5 ـ دەبێ قانوونێکی دێمۆکراتیک سەبارەت بە حکوومەتی خۆجێ یی پەسند بکرێ و بەم شێوەیە دابەشکردنی دەستەڵات بێتە ئاراوە و ئاوا دێمۆکراسی دەکرێ هەم لە ڕەهەندە و هەم لە ناوەۆک دا پەرە بستێنێ.
6 ـ دەبێ قانوونێکی نوێ سەبارەت بە پارتییە سیاسییەکان و هەڵبژاردن هاوتەریبی پێوانە دێمۆکراتیکەکان پەسند بکرێ و شەش مانگ دوای پەسند کرانی ئەو قانوون ، دیسان هەڵبژاردن بکەیتەوە.
7 ـ ئەو هەنگاوانە دەبێ لە یەکی سێپتامبری2004وە هەڵ بهێندرێتەوە و بە پەلە جێ بەجێ بکرێن.

## ئەو هەنگاوانەی کە کادەک لەو قۆناخەدا هەڵیان دەهێنێتەوە:

1 ـ سەرتاپای قەوارەی ڕێکخراوی و لە ناویان دا ڕێبەران و فەرماندەران و گشت جەنگاوەران لە ژێر چاوەدێری و دەستەبەری داو ودەزگا نێو نەتەوەیی و ناوبژیکەرانی نێونەتەوەیی دا بە چەکانیانەوە دەگەڕێنەوە ترکییە.
2 ـ هەموو چاپەمەنییەکانی ڕێکخراوەکە لە دەرەوەی ترکییە لە بەر ڕووناکایی ئەو پرۆسەی ئاشتی یەی کە بەڕێوەیە دەجووڵێتەوە و خزمەت بە یەکێتی دێمۆکرتیکی هەر دوو گەل دەکەن. ئەو دەزگا چاپەمەنییانەی کە چیدی ناچار نین لە دەرەوە و لە هەندەرانەوە کار بکەن دەبێ بگەڕێنەوە ترکییە و چالاکییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو زەمینە قانوونییەی دا کە هەیە درێژەی پێ دەدەن.
3 ـ گشت کۆمەڵە و ئەنستیتووەکان لە هەندەران دەبێ لە ژێر چەترێکی هاوبەش دا لە گەڵ ڕێکخراوە دێمۆکراتیکە ترکەکان لە تاراوگە یەک بگرن. نابێ هیچ داو و

دەزگایەکی(ئەنیستیتوو)کە ڕووی لە ترکییە نەبێ لە تاراوگە دابمەزرێ.
ناسنامە، زمان و کولتووری کوردی دەبێ لە چوارچێوەی ئەو چەترە هاوبەشانە لە قەواترەیەکی ئۆتۆنۆم دا بپارێزرێ و پەرەیان پێ بدرێ. هیچ داو و دەزگایەکی کە سەر بە بزووتنەوەی ئێمە بێ نابێ چالاکی ئەوتۆی دیپلۆماتیک و سیاسی بکا کە سەدەمە بە ترکییە بگەیێنێ.
4 ـ لە پێوەندییەکانی خۆیاندا لە گەڵ کوردەکان لە تاراوگە و بەشداریکەرانی دیکەی کوردستاندا، بزووتنەوەی ئێمە دەبێ بەپێی بەرژەوەندییەکانی ترکییەیەکی دێمۆکراتیک بجووڵێتەوە.
ئیدی ترکییە گەیوەتە بەردەم دوو ڕێیانێک. چیدیکە ناتوانێ درێژە بە سیاسەتی «نە شەڕ نە ئاشتی»بدا. دەبێ نیشان بدا گەلۆ لە کاردانەوەی خۆی لە ئاست ئەم نەخشەی ڕێیەی کە کادەک هێناوییەتە گۆڕێ کامی ڕێگە هەڵدەبژێرێ.
چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە کە حکوومەت ئەو ڕێگەی بەرەو ئاشتی دەچێ دابگرێ و وڵامی نەخشەی ڕێ ی ئێمە بداتەوە. ئێمە دڵنیاین بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێیە، ترکییە وەرچەرخانێکی دێمۆکراتیک ئەنجام دەدا و دەبێ بە مۆدێلێکی ئەرێیی بۆ هەموو هەریم. ئیدی چیتر مەسەلەی کورد نابێ بە سەرچاوەی پەژارە بۆ ترکییە بەڵکوو لە ڕاستیدا دەبێ بە هۆکارێکی پتەو بۆ کردنی ترکییە بە وڵاتێکی سەرنجڕاکێش نەک بۆ ئەو کوردانەی کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی دا دەژین بەڵکوو بۆ ئەو کوردانەش کە لە وڵاتانی دراوسێدا دەژین و لەمەش زیادتر بۆ گشت گەلانی هەرێم. ترکییە بە وەدەست هێنانی هەڵکەوتێکی ئەوتۆ، نەک هەر دەبێ بە دەنگێکی بەهێز لە دیسکۆرسی سیاسی هەرێمدا، بەڵکوو دەبێ بە خاڵێکی سەرەکی ئابووریش. ترکییە دەگەشێتەوە و پێش دەکەوێ و توانای ئابووری هەرێم وەگەڕ دەخا. بە وەبەرگرتنی ئەو ڕێیەی کە ئێمە لە نەخشەی ڕێ دا دەسنیشانمان کردووە دەکرێ ترکییە ئەو دەرەتانە بەدی بهێنێ. بەڵام، بەپێچەوانە، ئەگەر ترکییە هەر بە سیاسەتە کۆنەکانییەوە بنووسێ مەحکووم بەوەیە کە هەر لە بازنەی داخراوی قەیرانەکانی نەپساوە دا بخولێتەوە.
جێ بەجێکردنی ئەم نەخشەی ڕێیە و دەسپێکردنی ئاشتی قازانجی زۆر گەورەی بۆ ترکییە و کوردەکان لێ دەکەوێتەوە. جا بۆیە ئێمە چاوەڕوانین ئەم پرۆژەیە ددانی پێدا بهێندرێ و جێ بەجێ بکرێ بۆ ئەوەی سەردەمێکی نوێ تیشک

باوێژێتەوە سەر ترکییە و گشت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە تێیدا کوردەکان دەکرێ بیسەلمێنن کە هاوپەیمانێکی ڕاستینی ترکییەن.

## یارمەتیدانی وڵاتان و دام و دەزگای جۆر بەجۆر بۆ جێ بەجێکردنی نەخشەی ڕێ

### یەکێتی ئورووپا

ترکییە ماوەی 50ساڵە ئەندامی شووڕای ئورووپا بووە. ئێستا کاندیدای ئەندامەتییە لە یەکێتی ئورووپا دا. ئەگەر یەکێتی ئورووپا ترکییە وەربگرێ، دەبێ کوردەکانیشی لە گەڵ یەکێتی ئورووپا، یەکانگیر کردبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەی هاوبەشی بەرەو ئەندامێتی و کاتی دەسپێکردنی وتووێژ لە سەر ئەندامێتی باسی ناسنامەی کوردی ناکا و تەنێ هێمایەکی گشتی تێدا کراوە بە مافەکانی زمانی و کولتووری. بۆچوونێکی ئەوتۆ بەمانای قەبووڵ کردنی زیمنی حاشاکردنی ترکییەیە لە کوردان. ترکییەش، بە نۆرەی خۆی پشتی بەو بۆچوونە گەرم بووە بۆ پەسندکرانی قانوونی ڕێفۆرمان کە تێیاندا باسی ناسنامەی کوردی ناکرێ، و جێ بەجێکردنی ئەو قانوونانەش بە هۆی ئەو پەسندکراو و قانوونانەی کە ئێستا هەن پێشیان پێدەگیرێ و بەو شێوەیە لە بەرەی خۆیدا بە دووپاتەکردنەوەی هەڵوێستەکانی دەیەوێ خۆی لە دەست یەکێتی ئورووپا ڕزگار کا. بۆنموونە گشت ئەو داوایانەی کە بۆ پراکتیزە کردنی قانوونەکانی لە مەڕ زمان و کولتوور کە لە 3ی ئووتی2003دا پەسند کران بەرپەرچ دەداتەوە. جا بۆیە ئەوە هەڵەیە کە یەکێتی ئورووپا وای دابنێ کە دەکرێ مەسەلەی کورد بە پەسندکرانی قانوونی ئەوتۆی کە ڕێگە نادەن زمان و کولتووری کوردی پێش بکەوێ، جێ بەجێ بکرێ. ئاشکرایە کە گەلی کورد دژی لەگەڵ کەوتنی ترکییە لەگەڵ یەکێتی ئورووپا نییە لە سەر بنەمای یەکێتییەکی دێمۆکراتیک لە ئازادی دا، بەڵام ئەوە قەبووڵ ناکرێ کە ئاوا مەسەلەی کورد بە چارەسەر نەکراو دابندرێ و ترکییەیەک وەربگیرێ کە ڕێگە نادا بە کوردەکان بۆ بەکار هێنانی مافەکانی زمانی و کولتووری خۆیان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردەکان تا ئەو دەمەی کە چارەسەرییەک بۆ

کێشەی کورد نە دۆزراوەتەوە بنەمای مەشرووعییەتی خۆی هەر دەپارێزێ، لای تركییە گرتن بە دژی ئەو خەباتە لە لایەن یەکێتی ئورووپایەوە دەکرێ لە نێوان یەکێتی ئورووپا و کوردەکان دا دوژمنایەتی ساز دەکا.

بۆچوونی سیاسەتمەدارە ئورووپاییەکان سەبارەت بە نەخشەی ڕێ، کە لە گەڵ ئەو ماوەیە دەگونجێ کە بۆ دەسپێکردنی وتوویژ لە مەڕ ئەندامێتی لەبەرچاو گیراوە، دەبێتە نیشاندەرێکی گرینگ. ئەم نەخشەی ڕێیەی پێشکێشی دەکەین لە عەینی کات دا نەخشەی ڕێیەکە بۆ ئامادەکردنی ترکییە بۆ ئەندامێتی. جا بۆیە ئێمە چاوەڕێ دەکەین یەکێتی ئورووپا بەپێی بنەماکانی پشتیوانی لە جێ بەجێ کردنی بکا.

لەبەر ئەوەی کە مەسەلەی کورد هەر کێشەیەک نییە بۆ ترکییە، بەڵکوو کێشەیەکە بۆ یەکێتی ئورووپا، یەکێتی ئورووپا ناچارە دەوری ناوبژیکاری بگێڕێ لە پێواژۆی جێ بەجێکردن و چارەسەرکردنی دا.

بەداخەوە، ئاکتۆرانی ئورووپایی دەستی باڵایان هەبووە لە دامەزراندنی شکڵ و چوارچێوەی ئەوتۆ دا، کە لەبەر ئەوان مەسەلەی کورد لە سەرانسەری سەدەی بیستەم دا بە چارەسەرنەکراوی مایەوە. ئێمە لەو باوەڕە داین یەکێتی ئورووپا نابێ دەست بگێڕێتەوە لە وەرگرتنی تەواوی ترکییە، بەڵام دەبێ ئامانجی ئەوە بێ کە کوردەکان لەو پێواژۆیەدا یەکانگیر بکا و کار بکا بۆ چارەسەرییەکی دێموکراتیک بۆ ئەو گیر و گرفتانەی کە لە ئارا دان.

سەرۆکی ئێمە بە مەبەستی گەڕان بەدوای ڕێی چارەسەری دا هات بۆ ئورووپا، لە بەر نەبوونی هەستی بەرپرسیارەتی لەلای دەستەلاتدارانی ئورووپایی بوو بە قوربانی پیلانێکی نێونەتەوەیی کە بە ڕفاندنی تەواو بوو. ئێمە لەو باوەڕە داین ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە ئورووپا خۆی لە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ پیلان نانەوە بە دژی کوردان بە دوور ڕابگرێ.

ئێمە بانگی یەکێتی ئورووپا دەکەین کە دەوری ناوبژیکاری بگێڕێ لە جێ بەجێکردنی نەخشەی ڕێ دا هاوتەریب لەگەڵ ئەو دەورەی لە مەسەلەی قیبرس دا دەیگێڕێ.

## دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای دەستێوەردانی لە عێراق خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دامەزراندەوە. بە ڕووخانی ڕێژێمی بەعس، پەنجەرەیەکی دەرەتان بۆ پێکهێنانی عێراقێکی فیدرال کرداوەتەوە. ئێمە لەو بڕوایە داین کە سیستمێکی ئەوتۆ قەوارەی هەری لەبارە بۆ فرەیایەتی نەتەوەیی و کولتووری عێراق، چونکوو قەوارەیەکی ئەوتۆ دەتوانێ مۆدێلێک بێ بۆ بەیەکەوە چارانی بەرژەوەندە کولتوورییەکانی گەلانی عەرەب، کورد، ئاسۆری – سریانی – کلدانی و ترکمان.

بەرەوپێش چوونی دێمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوپەڕی قازانجی پێدەگا بە ناسینی کوردەکان وەکوو بابەتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ترکییە، ئێران و سوورییە دا بە بێ ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە سنوورەکانی هەرکام لەو حکوومەتانەدا. دەوڵەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا لە هەڵکەوتێکی ئەوتۆ دایە کە لەو بارەیەوە دەتوانێ دەورێکی ئەرێیی(پۆزێتیڤ) بگێڕێ. دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر پێوەندی نزیکی خۆی لە گەڵ ترکییە دەتوانێ بە شێوەیەکی خولقێنەرانە کار بکا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئازادییە سیاسییانەی کە نەخشەی ڕێی باکووری کوردستان دا پوختەیان هێندراوەتە گۆڕێ. ترکییەیەکی کە مەسەلەی کوردی خۆی جێ بەجێ کردبێ دەبێ بەهێزی کاریگەری دێمۆکراتی کردن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستد دا. یەک لە دنەکانی دەست تێوەردانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێم دا.

ڕوو بە ڕوو یەکبوونەوەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کادەک تەنێ خزمەت دەکا بە دەمەترسی خستنی دێمۆکراتیکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پاراستنی بار و دۆخی هەیەی کۆن. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوو دا سەلماوە کە پاراستنی ئەو بار و دۆخەی هەیە لە بەرژەوەندی ترکییە دانییە، بەڵام تەنانەت لەوانەیە بگاتە دوژمنایەتی لە نێوان دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ترکییە ـ هەروەک ئەوەی کە لە ماوەی دەستێوەردانی میلیتاری دا ڕووی دا ـ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ترکییە ناکرێ بە نانەوەی کێشە لە نێوان و ڕوو بە ڕوویەک کردنی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کادەک بە دەست بێ بەڵکوو تەنێ بە دامەزراندنی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ترکییە جەخت کردن لەسەر گیر و گرفتەکان بە ڕێگەیەکی دێمۆکراتیک

دا وەدی دێ. ئێمە بانگی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین کە بکەوێتە ناو دیالۆگ هەم لەگەڵ کادەک و هەم لە گەڵ ترکییە و کار بکا بۆ جێ بەجێکردنی نەخشەی ڕێ لە پێناو ئاشتی دا.

## ئێران، سوورییە و دەوڵەتەکانی دیکەی هەرێمی :

چارەسەر نەکردنی مەسەکەی کورد وەک شیرێکی ڕووت لەسەر سەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە سەرانسەری مێژوودا ، کوردەکان یارمەتی هێژایان بە ژیان لەو هەرێمە دا کردووە، سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی ئێستا نەک هەر گەلانی ناوچەی لەو یارمەتییانە بێ بەش کردووە، بەڵکوو لە ڕاستیدا بووەتە هۆی بەفیرۆدانی توانایی و ئەنێرژی ئەوان. جێ بەجێ بوونی مەسەلەی کورد لە ئێران و سوورییە نەک هەر نابێتە هۆی پارچەبوونی ئەو وڵاتانە بەڵکوو دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونیان. جا هەر لەبەر ئەوە ئەوان دەبێ بەهەموو توانای خۆیانەوە پشتیوانی لە جێ بەجێکردنی نەخشەی ڕێ بۆ ترکییە بکەن و هەروەها ئەو ڕاستییەش قەبووڵ بکەن، کە نەخشەی ڕێ ئەوتۆی کە لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی هەرکام لەو وڵاتانە بگونجێ دەتوانێ چارەسەرییەک بۆ گیر و گرفتەکانی ئەوانیش بهێنێتە گۆڕێ.

ئێمە لەو باوەڕە داین کە وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە و ئیسرائیلیش دەبێ پشتیوانی لە نەخشەی ڕێ بکەن و بە ڕووحی برایەتی یارمەتی بکەن بە دێمۆکرتیکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

## هێزە سیاسییەکانی کورد لە باشووری کوردستان(باکووری عێراق)

ڕووخانی ڕێژیمی بەعس پێواژۆی دامەزراندنی عێراقێکی دێمۆکرتیک و کوردستانێکی ئازادی فیدرالی خێراتر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، گارانتی هەری باش بۆ ئازادیی گەلی کورد دێمۆکراتیکردنی هەموو ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستە. ئەو وڵاتانەی کە لە ئاست دێمۆکراتیکردن خۆڕاگری دەکەن و نایانەوێ مەسەلەی کورد بسەلمێنن، لە جێگەی دیکەش دژایەتی لەگەڵ دەکەن و پێشی جێ بەجێ کردنی دەگرن. جا بۆیە دێمۆکراتیکردنی ترکییە ڕەهەندێکی گرینگە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد.

جا بۆیە ئەو نەخشەی ڕێیەی کە ئێمە پێکێشی دەکەین لە بەرژەوەندیی دەسبەجێی پارتەکان و ڕێکخروەکانی باشووری کوردستان دایە. بەو شێوەیەی کە ئەوان پێوەندی خۆیان لەگەڵ کادەک بپارێزن و دەست بگێڕنەوە لە گێڕانی دەورێکی نیگاتیڤ لە پێواژۆی چارەسەرکردنی کێشەکە لە ترکییە کە شانسی جێ بەجێ بوونی زیادتر دەکا. بە تێگەیشتنی ئەوەی کە هەبوونی کادەک لە باشووری کوردستان تەنێ ڕێکخراوە کوردییەکان بەهێز دەکا، ئەوان دەبێ وشیاربن نەکەونە داوی حەولەکانی ترکییە بۆ بەکارهێنانیان بۆ هێرش بردنە سەر هێزەکانی کادەک.

هێزەکانی کوردی لە باشووری کوردستان هێز و دەستەڵاتی ئەوەیان هەیە ئاسانکاری بکەن بۆ جێ بەجێ بوونی نەخشەی ڕێ لە هەموو پلەکانی دا. ئیتر بە دەست ئەوانە تێبگەن کە جێ بەجێ بوونی نەخشەی ڕێ هەلومەرجێک پێک دەهێنێ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی خۆشیان. بۆیە دەبێ نەخشەی ڕێ وەک زنجیرەیەک لە ڕێنوێنی ژیرانە، سەبارەت بە پێوەندی درێژخایەنی ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ حکوومەتی ترکییە چاو لێبکرێن.

## هێزە دێمۆکراتیکەکان لە ترکییە

دەوری هەری گرینگی کە بۆ جێ بەجێکردنی نەخشەی ڕێ دەبێ بگێڕدرێ، دەورێکە لە لایەن گشت ئەوانەی ڕا کە بەرژەوەندییەکیان هەیە لە سەباتی سیاسی و ئابووری ترکییەدا. ئەوان دەبێ لەوە تێبگەن کە مەسەلەکە نابێ بۆ هەڵبژاردە و سەردەستی سیاسی بە جێ بهێڵرێ. هێزە سیاسییەکان کاتێک دەجووڵێنەوە کە هەست دەکەن کەشوهەوایەکی پۆزێتیڤ لەناو کۆمەڵانی خەڵک دا هەیە و ئەوە پشتیان گەرم دەکا بۆ ئەوی هەڵوێست دەرببڕن. بۆیە سەندیکا کرێکارییەکان ، دەست پێشخەرییە سیڤیلەکان(مەدەنییەکان)، ڕێکخراوەکانی ناحکوومی، ڕووناکبیران و هونەرمەندان دەبێ پشتیوانی خۆیان لەم پرۆژەیە ڕابگەیەنن و بە ئاشکرایی حەول بدەن بۆ سەرکەوتنی.

مخابن، هەتا بڵێی زانیاری هەڵە و پێشداوەڕی لە نێو بیروڕای گشتی ترک دا هەیە کە دەکرێ سەدەمە بگەیەنێ بە چارەسەری ئەم مەسەلەیە. ئەوە ئەرکی هێزە دێمۆکراتیکەکان و چاپەمەنی یە یارمەتی بکەن بە ڕەواندنەوەی ئەو کەش و هەوایە.

**له دنیای هاوچه‌رخ دا، میدیا ده‌وریکی گرینگ ده‌گیڕێ بۆ ئاماده‌کردنی کۆمه‌ڵگا بۆ گۆڕان. ئه‌وان ده‌کرێ هه‌ر به‌شه‌ی کۆمه‌ڵگا به زه‌ق کردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌نگاوه پۆزیتیڤانه‌ی له لایه‌ن حکوومه‌ت و کاده‌ک ڕا هه‌ڵ ده‌هێندرێته‌وه ته‌شویق بکه‌ن بۆ خوێنه‌ره‌وه و ته‌ماشاگه‌رانی خۆیان شی بکه‌نه‌وه چما چاره‌سه‌ییه‌کی دیمۆکراتیک له به‌رژه‌وه‌ندی ترکییه دایه. ئێمه هه‌ست ده‌که‌ین تا ئه‌و ده‌مه‌ی که میدیا بۆچوونێکی پۆزێتیڤ له ئاست ئه‌و مه‌سه‌له‌یه، و ئاواتی کورده‌کان بۆ ژیان له یه‌کێتی دیمۆکراتیک دا له خۆیه‌وه نیشان نادا، وه‌ک ده‌زگایه‌ک که هه‌ر لایه‌ک ده‌بینێ ده‌مینێته‌وه. بۆیه میدیا ده‌ورێکی سه‌ره‌کی ده‌گیڕێ له بڕیاردانی ئه‌وه‌ی گه‌لۆ ئاشتی یان کێشه‌یه‌کی نوێ ببێته ئاکامی هه‌لومه‌رجی ئێستا.**

2ی ئووتی 2003

**کۆنسه‌ی سه‌رۆکایه‌تی کاده‌ک**